
محەمەد ئەمین ئەحمەد

# گوڵبژێرێک
# لە چیرۆکی محەمەد ئەمین ئەحمەد

**تەقینەوەی گۆپکەکان و ئاوسبوونی خۆر**

**هەڕاجخانە و فاوڵکردن**



## تەقینەوەی گۆپکەکان و ئاوسبوونی خۆر

دارستانێکی چڕ، لاپاڵ و دامێنی ئەو شاخە بەرزانەی پۆشیبوو. هێمایەک بوون بۆ نەمری. دار و دەوەن، دەشت و چیا، ڕەچە و شارێگاکان، لەگەڵ مرۆڤی کورددا لە مێژەوە هۆگری یەک بوون. لێژبوونەوەی ئەو ڕەچانە ئەوەی دەنواند، کە ئادەمیزادی گێتی دووەم لەوێوە، ئاوی زیندەگانی خواردوەتەوە. لە هەموو لایەک ڕووەکی خۆڕسک چنگیان لەبەک دابوو. ڕێی گوزەرێک لە ناوچەوانی ئەو دارستانەوە کێشرابووە ناو جەرگی ئەو دێهاتانەی کە لە دامێنی چیاکانەوە خۆیان دەنواند لە ژێر دەم ئەو شاخەدا شوێن هەوارێک دیاری کرابوو. لای خەڵکی دێکە شتێکی ئاسایی بوو. بۆیە بە شەو و بە ڕۆژ سڵی لێ نەئەکرایەوە. ئەم شوێن هەوارە بە تاق و تەنیا دوور لە دێکەوە وەکو بوونی کورد کپ و کڕ لە تاقێکەوە سەیری ئەو ناوچە شاخاوییەوە،

ئەو گێتییەی دەکرد. سارد و سڕی سەرنجی هەموو ڕێبوارێکی ڕادەکێشا.

بەبێ ئەوەی ئەونهێنییەیان بۆ ساغ بووبێتەوە، دەیان پەرست، سامێک دەچووە ناخی دەروونیانەوە و بۆ هەر مەرازێک قوربانییەکیان پێشکەش دەکرد، ئەو هەموو ڕەچانەش لەو شوێن هەوارەوە بڵاودەبوونەوە و لە چەقی ئەو ڕووبەرەدا، یەکیان دەگرتەوە، شارێگایەکیان پێک دەهێنا.

ئەو شتەم زۆر بەلاوە سەیر بوو. بە تایبەتی کە بینیم ئەو کابرا لادێییە چۆن چوو توێکڵە دار و تۆزی خۆڵی لەو شوێن هەوارەی هانی و خۆڵەکەی بە ئاوەوە دەرخواردی منداڵەکەی داو توێکڵەکەشی کردە ملی کوڕەکەی. کە لێم پرسی وەڵامی ئەوەبوو: ئەگەر هاتوو ئەو منداڵە بەو خۆڵە گۆش بکرێ قەد نەخۆش ناکەوێت و ئەو توێکڵە دارەش بۆ کۆکەڕەشە باشە.

ویستم لەو نهێنییە بگەم. کاتێ بیری ڕاو خزایە مێشکمەوە سەر لە بەیانییەک خۆمم ئامادە کردو تاپڕەکەم کردە شان.

– با ئەسپەکەی لالە حەمەلاوت بۆ بێنم؟

– دوور ناکەمەوە تا ئەو شوێن هەوارەو دەورو بەرە دەچم.

– توێشەبەرە لەگەڵ خۆت نایەیت؟

– مەتارە ئاوەکەشم بۆ ئامادە بکە. خوا یاربێ، بێ نێچیریش ناگەڕێمەوە.

بەو نیازەوە لە ماڵ چوومە دەرەوە. لە دەوروبەری شوێن هەوارەکە بزنەکێوییەکم بەدی کرد. کەوتمە پارێزی. لێرەو لەوێ بەدەم تەقەکردنەوە شوێن پێم هەڵگرت.

(تاکو ئێستا گوللەم بەفیڕۆ نەچووە. ئەی بۆ ئەو بزنە کێوییەم بۆ ناپێکرێت؟) دۆڵ بە دۆڵ، شیو بە شیو، هەر بە دوایەوە بووم. زۆر ماندووی کردم. پێچی خواردەوە. کە لەگەڵیدا وەرگەڕام، بەر چاوم نەکەوت لێم ون بوو. وردە وردە گەڕامەوە بۆ لای شوێن هەوارەکە. لە ژێر سێبەری کەلاوەکەدا خۆم گرتەوە. ماندوێتی هەموو وزەیەکی لێ سەندبووم. پشتمدا بە دیوارەکەوەدا، کەوتمەبیرکردنەوە: (ئەم کەلاوەیە کە ئێستا پاشماوەی ئەو شارستانییە کۆنانەیە تاکو ئێستا بێ باک، بێ ترس ماونەتەوە.

دەبێ دەستی چ ئەندازیارێک نەخشەی کێشابن؟ دەبێ بە چەندین هەزار کورد ئەو خشتانە سەرخرابن؟)

بە دەم ئەو وردە ئەندێشانەوە خەو بردمیەوە. واهەستم کرد تێوەژەنرام. ڕاچەنیم:

(تۆ بڵێی خەوم دیبێ.)

گـوێم نەدایـە. دووبارە سـەرم نایەوە. دیسـان تێـوەژەنرام، وتووێژێک خـزایە گـوێمـەوە . ڕاپەڕیم. سـەرنجی هـەمـوولایەکی خۆمـدا. هیچم بەرچاو نەکـەوت . بۆ سێیـەم جـار خـەوم لێکەوت.

(هەستە، من ناڵێم لێرە مەنوو)

(هیچ شەرم ناکەیت، لەسەر ئێسک و پرووسکی مرۆڤ دەنوویت؟)

ڕاپەڕیم. هەسـتم بـەدانەجیرەی هەمـوو ئێسـقـانەکـان دەکرد. دەنگی قەڵغـان و قرمـەی شـیرو هـاژەی تیـرو تەپ و تۆزی ژێر پێی سوار و پیـادەکـان ئاسمـانێکی خۆڵاوییـان لە پێش چاوم دروست کردبوو.

کـە بەرچاوم ڕوون بـووەوە. مـەیانی قـرمـەی لێـدوور کـەوتەوە. هەمـوو شـتـێک هێـمن و ئاسایش بووەوە. هەستم بەزەردەی ئێوارە کرد.

شنەی باو تەقینەوەی گۆپکەکان و ئاوسبوونی خۆری چاوەڕوانکراو خورپەی گیاڕەش، ئاوازی مانی ئەو نهێنییـانەی بە گوێمدا دەچرپاند، کە ئەو دارستـانە چڕە سپـاردەی ئەو چپانە بوو.

بۆ دوور خستنەوەی ئـەو وێنانە، دەستم کرد بە گۆرانی (ئەژدەهاک) وتن. جـارجار گـوێم دەگرت، هـاژەو وژەی ئەو مـەیانە لە مێشکمـدا جێی خۆی گرتبـووەوە. تاپڕەکەم کردە مل. ویستم بڕۆم. قاچم بەرخشتێک کەوت.

(تۆ بڵێی ئەمە شوێن خەزنە نەبێ.)

پاشگەزبوومـەوە و کەوتمە ڕامـاڵینی خـۆڵ. بۆنی هـەناسـەی زەوی شـێدار فرە بـە گـیـانم خۆش بوو خشت بە دوای خشتم هەڵکەند. پەنجەکانم دەچەقینە کرمی زەوی.

(سەیرە نێچیری من ئەو کرمانە بن.)

خشـتێکی ترم هـەڵدایەوە، دەروانم وێنەی کەللـەیەک و دوو ئێسـقـانی لێکدراوی پێوەیە، زانیم کوشندەیە. هێزمدا بەخۆم.

(ڕۆڵە ئەو کـەلاوەیە زۆر کوشندەیە. چەنـدین کـەس ویسـتـوویەتی خـۆی پێ تاقـی بکاتەوە تێدا چووە. گاڵتەی پێ ناکرێت. شوێن هەوارێکی دێرینە. بە بیرەوەری من و باوکیشم کەس لەو نهێنییە نەگەیشتووە. دەبێ شەخس بێ. شوێنێکی پیرۆزە.)

ئەو پیاوە ڕیش سپییە کە لە دیوەخاندا دانیشتبوو باسی ئەو شوێن هەوارەی دەکرد، پیاوێکی لێ هاتوو لەسەرخۆ بوو. خەڵکی دێکەش زۆر ڕێزیان دەگرت. بەدەم سیغار پێچانەوەوە باسی ڕاو و شکاری کردو وتی:

– ڕاوەشکاریش سەودایە کوڕی خاڵی.

بە چمکی فەقیانەکەی دەستێکی بەدەم و چاویدا هێناو ئینجا وتی:

– دەمەو بەیانییەک وەکو ئەمڕۆ بوو، بەنیازی ڕاوەوە خۆم ئامادە کرد و چوومە دەرەوە. وردە وردە گەیشتمە دەورو بەری ئەو کەلاوەیە. زۆر کەس لەوێدا بزنە کێوییەکیان بەدی کردبوو. لێم ببووە مەراق. موشووریم خوارد. کاتێ گەیشتمە ئەوێ بە چاوی خۆم بینیم. دوو سێ تەقەم لێکرد، کەچی نەمپێکا، شتێکی زۆر سەیر بوو، ڕاوچیم نەک گاڵتە.

مژێکی لە سیغارەکەی داو دانیشتوانی دیوەخانەکەش، قڕوکپ گوێیان بۆ ڕایاڵ کردبوو.

– نەم پێکا. لە مەراقاندا سێ مانگ نەخۆش کەوتم. هەریەکە قسەیەکی کرد. کەچی واش نەبوو. ئەم ناوچە کوردەوارییەی ئێمە بە ڕاستی پیرۆزە. بەڵام چی بڵێم لەگەڵ کوێرەوری و دوا کەوتووی ئەم ناوچەیەدا.

ویستی شتێکی تر بڵێت زنجیرەی قسەکەیان پێچڕاند. ڕووی دەمی تێکردم وتی:

– مامۆستا، جەنابتان شارەزا ترن، لەبەرە بەیانی مێژووەوە ئەم ناوچەیە هەر هەبووە، تەنانەت چەند سەحابەیەکیش لەم خاکەدا نێژراون ئیتر چۆن پیرۆز نابێت.

– پێش ئەو سەحابانەش هەر پیرۆز بووە

پەیتا پەیتا خۆڵم ڕادەماڵی هەستم بە تەنیایی کرد. ویستم دەستی لێ هەڵگرم، بەڵام هەناسەی شێ تا دەهات زیاد دەبوو. (کێ دەڵێ ئەمە کۆنترین ئەشکەوت نییە)

(ئەم گێتییە بە چەند چەرخێکدا تێپەڕیوە. لە هەر چەرخێکدا بنەماڵەیەک فەرمان ڕەوایی کردووە، هەریەکە بۆ خۆی، شارستانیەتییەکی دروست کردووە. کۆنترین و ڕەسەن ترین شارستانی، شارستانیەتی دۆڵی ڕافیدەینە.)

– ئەی مامۆستا ئەم ناوچەیەی ئێمە؟

قوتابییەک ئەم پرسیارەی لێکردم.

– بەڵێ شارستانیەتی باکوور لەگەڵ هی باشووردا تێکڵاوییان هەبووە. بۆ نموونەش ئەشکەوتەکانی زەرزی و هەزار مێرد و شانەدەر و هی تریش، تاکو ئێستا دەستی زانستی

و پشکنینیان پێنەگەیشتووە. نموونەیەکی تریش تاکو ئێستاش وێنەی سەرجۆنی ئەکەدی لە شاخەکانی قەرەداخدا هەڵکەندراوە. ئەی شاخی بیستوون؟

ئەمەیان چی دەگەێنێ؟ واتە سەرجۆن بۆ داگیرکردن هاتبوو ئەم شارستانیەتییە بخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە، بەڵام سەریدا لەبەرد.

لە گەرمەی خۆڵ ڕامالّیندا، تاقێکم بۆ کرایەوە خۆزگەم بۆ چرایەک خواست. ئەو تاقەم پەیتا پەیتا، گەورە کردەوە. لە پڕێکدا دەستم بەرچەرخەکەم کەوت. گەشامەوە. دام گیرساند سەرنجێکی ناوەوەمدا. پێپلیکانەکان کشابوونەوە سەرەوە. چوومە ژوورەوە. دەسرەکەم بەستە لوولەی تاپڕە کەمەوەو ئاگرم تێبەردا. بوو بەمەشخەڵ. هەموو شتێک لەو شوێنە پیرۆزەدا سرەوتی نەبوو. نەخش و نیگاری جوان و نایاب لە نیگارەکانی وێنەگری کورد«مانی» دەچوو. خۆم خزانە ناوی ناوەوە. لە ناوەڕاستی هەیوانەکەیدا ڕاوەستام.

ژوور لەناو ژووردا بوو. چوومە پێشەوە. بە تەنیشت دەرگایەکەوە ڕاوەستام. شانم لێ توند کرد. کرایەوە. تەزوویەک بە لەشمدا هات. دووبارە لە ناخی ناخمەوە، یەکێک پێی دەوتم: بگەڕێرەوە، بەڵام ئەو ژوورەشم بەجێهێشت. بە ڕاست و چەپدا ڕووانیم. کیسە نانەکەم کرد بە مەشخەڵ. خۆم لەناو ژوورێکی پان و بەریندا ناسییەوە. ئەستوون بە تەنیشت ئەستوونەوە. سەکۆیەکی بەرز چەند پەیکەریکی ورد و درشت لەبەردی ئەو چیا بەرزانە تاشرا بوون. قوڕی سوورەوکراو و بەرد و چەرم بە مۆری لوولەیی مۆرکرا بوون. جووتێ چاویش لەولاوە چاوی بڕیبووە چاومەوە. پەراسووە چەماوەکان لە ژێر لیزمەی بەرد هەڵگرتندا وزەیان لێ بڕابوو.

کەوتمە پشکنین. لە ئەنجامدا دەستم بەر سندووقێکی مۆمیا کراو کەوت. لەولاشەوە وێنەی دایکێک دانرابوو کە مەمکە قیتەکانی مایەی ژیان بوون. سندووقەکەم هەڵگرت و بەپژەکاندا سەرکەوتمەوە.

خۆر ڕمێ بەرز ببووەوە. هەستم بەنەرم و نۆڵی دار و بەردی زەوی دەکرد. هەستم بەبوونی خۆم و گۆپکەکان کرد. سندووقەکەم کردەوە چیرۆکی بوونی گێتی دووەمی تێدا تۆمار کرابوو. لەگەڵ ئەوشدا، قەلە ڕەشێکی پێشێل کراوە و کۆترێکی مۆمیا کراو گەڵایەک بە دەنووکییەوە بوو. ئەم چەند وشانەی لەسەر تۆمار کرابوو:

پاپۆڕەکەی (نووح) لە شاخی (جوودی) دوای لافاوە هەرەگەورە کە گیرساوەتەوە.

# هەڕاجخانە و فاوڵکردن

## (١)

لە کونجی بازاڕی هەڕاج خانەکە، لەسەر لێواری ئەو شەقامە تەزیوەدا، دەست بە ئەژنۆ دانیشتبوو. چاوی لەو مزرەمەنیانە بڕی بوو کە لە بازاڕی هەڕاج خانەکەدا هەڵڕژابوونە سەر حەسیرەکان.

(خۆزگە دەمزانی بۆچی لێی ناخۆن؟)

گرەبای هاوین نوقرچی لە ڕوومەتی دەگرت. کەوتە چاوهڵگڵۆفتن لەبەرخۆیەوە وتی:

– گوایە چۆن لێی ناخۆن؟

چاوی گێڕا.

– خۆ بە هەوڵدان نییە.

دەروونی تا دەهات هەڵ دەقوولا. هەستایە سەرپێ.

بە دەنگێکی بەرزەوە وتی:

– هێڵی یەکسان درۆیە.

– بە چەند بارێکدا گۆڕان و دەگۆڕێن.

کابرای کرێکار گوێی لە قسەکەی بوو، لەبەرخۆیەوە وەڵامیدایەوە

– بۆ ئێمەمانان دروست کراوە.

هەراو هۆریای هەڕاجخانەکە تا دەهات بەرز دەبووەوە.

– تەنیا ئەو هەڕاجخانەیە ڕاستە.

– ژیان خۆی هەڕاجخانەیە.

پیاوێکی مەست لەولاوە ئەوەی وت.

– ژیان هەر بۆ تۆ باشە. خەم. خەفەت کێشەی چیت هەیە؟

– زۆر جار کەمەست دەبم وا هەست دەکەم ئەم گەردوونە خۆم دروستم کردووە. جاری واش هەیە خۆم لەناو قاپێکی ئارەقی سەر مۆردا دەبینم.

گەرمای نیوەڕۆ و تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر کە دەیدا لە ڕوومەتی ئەوەندەی تر بیری دەشڵەقاند.

– من دەزانم بۆچی پەستن.

– چونکە مەستن. دەبا بەیەک دەنگ بڵێین بژی مەستی.

## (٢)

– نازانم بۆچی ئەوەندە بێزاری؟

– ژیان شووشەیەکی پڕ لە ئاڵەتە.

کاتێ هەردووکیان بەلایدا تێپەڕین، ئەو قسانەیان دەکرد.

– ئەوە چیتە؟

– هێڵنجم دێ.

ویستی بڕشێتەوە.

– کێبێ لە سەرگوزەشتەی من بگات؟

هەستی بە ئاوارەیی و تەنیایی دەکرد.

– چاکی شکور؟

دەستی خستەوە سەرشانی و لێی پرسی. بێ ئەوەی لای لێ بکاتەوە وەڵامی دایەوە.

– ئێستا چۆنی؟

– نەچاکەتی کەسم سڕیوەو نەلێفەم لەسەر هەتیو هەڵداوەتەوە.

– ترۆمبێلێکی جوانە.

– بۆ من دەزانم دەرگاکەی چۆن دەکرێتەوە؟

– دەرگا کردنەوەت بۆچییە. سەیرکە. زانینی پێ ناوێت؟

– دەرگا لە خەڵک داخستن زۆر ستەمە.

## (٣)

ئۆتۆمبێلێکی سووری فیات لەولاوە ڕاوەستا. سێ ئافرەتی لێ دابەزییە خوارەوە.

– نیو سەعاتێکی کە وەرە بە دواماندا.

شوفێرەکە وەکو شێت پێی پێداناو لێی خوڕی.

ئەو خەڵکەش شۆستەکەیان بەجێهێشتبوو بەناو شەقامەکەدا دەڕۆیشتن.

– مەگەر ئێمە خۆمان لە خەڵکی لادەین. وا دەزانن لۆکەیە.

شوفێرەکە ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت.

ئافرەتە خنجیلانەکەش سەرنجێکی ئەو بازاڕەی داو بە پەیژەکاندا سەرکەوت.

– ئەوەیان جوان بوو.

– بزانە ئەم شەو قسمەتی کێیە؟

– ئێ دەزانم مەسەلە سێکسەکەیە.
– تۆ بڵێی بۆ پارە بێ؟
– نەخێر هەوەسی توخمە.
– ئاواتی هەموو لاوێکە.
تەمەنی درێژ بۆ منداڵەکانت.
– جا بۆ ئەم گومان کردنە؟
– لە منداڵییەوە وا فێرکراوین.
– ئەی چار؟
مژی لە جگەرەکەی داو ئینجا وتی:
خانووەکان، تەلارەکان، باخچەکان، دڵداری، خۆشەویستی، شەڕوشۆڕ، ئاشتی، هەموو بۆ یەک مەبەست، لە بازنەی خۆیدا دەخولێتەوە.
– لەم تەمەنەدا؟
– هیچ پەیوەندییەکی بەکات و شوێنەوە نییە.
– ئەی چییە؟
– ژیانە، خەڵەتاندنە.
– تێ ناگەم؟
– دەم خەڵەتێنی. ئینجا لە پاشاندا پێم پێدەکەنی.
پێچیان خواردەوە، لەبەر دەرگای دووەمی هەڕاجخانەکەدا، لەگەڵ ئەو خەڵکەدا وەستان. ڕووی دەمی لە هاوڕێکەی کرد و وتی:
– ئەی وانییە؟
– ئێستا باوەڕم کرد کە زەوی خڕە.
خۆیان کرد بە چایخانەی هەڕاجخانەکەدا.

**(٤)**

ئەو کابرا دەست بە ئەژنۆیە هەموو ڕۆژێک وەکو فەرز سەری لەو چاخانەیەدەدا. هەموو جارێکیش چایەکی روون روونی بێتامی بۆ تێدەکرا.
– بە یارمەتیت.
– فەرموو.

جارێک و دووجار نەبوو داوای ئاگری لێکردەوە.
(بەڕاستی ئەمەیان پیاو بێزار کردنە. بلّێ بۆ چەرخێک لەگەلّ خۆت هەلّناگری.)
- زۆر داواکردن لەخوا باشە.
کابرای تەنیشتی بۆلّەیەکی لێوە هات.
- ئەگەر نەمبێ بلّێم چی.
- بکرە.
وردەم پێنییە. پارەکەشم لە مالّەوە بەجێهێشتووە.
درۆی لەگەلّدا کرد. درۆکەی بە نرخێکی هەرزان فرۆشت.
ویستی بیخەلّەتێنێ. خەلّەتاندن و تەفرەدانی یەکتر دروشمی ئەم سەردەمەیە.
(ئەگەر لەناو قاپی توخمدا مەلەوانیم بکردایە، وەک ئەم و ئەو هەی هوو کاکە ئێستا لە کوێ بووم درۆکە باشترە)
- تاکەی ئێمە وابین.
کابرای دەست بە ئەژنۆ نەیهێشت هاوڕێکەی وەلاّمی بدانەوە وتی:
- تەنیا درۆیە مرۆڤ سەردەخان. ئەگەر باسی سەرگوزشتەی خۆمتان بۆ بکەم. هێلّی یەکسان درۆیە.
ئەگەر چەوساندنەوە نەبێت تەلار دروست دەکرێت؟
بێ دەنگ بوون.
پشتی تێکردن. (ویستی لەو جیهانە نالەبارە دوور کەوێتەوە. کۆن لە ژێر تەرزی تازەدا بنێژێت)
لەگەلّ تەلەفزیۆنەکەدا ئولفەتی گرت. چاوی لە فیلمی تۆپ تۆپێن بوو.
کاتێ لە شاوور درا، دانیشتوانی چاخەنەکە هاواریان لێ هەستا، ئەم وریا بووەوە.
- چی بوو؟
- لە فاولّ زیاتر دەبێ چی بێ.
- ئێمە ڕۆژی پەنجا فاولّ دەکەین کەچی باس باسی دایکی عەباسە.
- بەخوا قاچی بە ئاستەم لە هێلّەکە کەوت.
یاریکەرەکە لە حەکەم مۆڕ بووەوە.
- من لە هێلّی سزا دوور بووم، بەرگری یەکەم بە ئەنقەست خۆی خست، هاتە پێشەوە.

دووباره له شاوور درایەوه. دەست بەیاری کرایەوه. یاریکەرانی وەرزش هەموو به جارێک به دوای تۆپەکەوه بوون.

تەماشاکەرانیش.زۆر به گەرمییەوه چەپڵەیان لێدەدا.

– حەکەم لایەنی ئەو لایەیان زۆرتر دەگرێت.

دانیشتوانی چاخانەکه به تەواوی لەناو یارییەکەدا ون ببوون خێرا خێرا هاواریان دەکرد و چەپڵەیان لێدەدا. یەکێکیان هاواری لێ هەستا.

– گۆڵ.. گۆڵ.. بەخوا گۆڵ.

– نەء بابه گۆڵی چی؟

– گرەو ئەکەم.

له شـــاوور درا یارییـــەکـــەیان ڕاگـــرت. حـــەکـــەم بەو گـــۆڵە قـــایل نەبوو. ڕووی دەمی لەیاریکەرەکه کرد:

– ئەم جاره پاشقوڵ له یاری کەرەکه بدەی دەرت دەکەم.

– نەموت گۆڵ نییە.

– تیپێکی سەر پله.

– نای باتەوه.

– هەڵەیان زۆره.

– کوره چۆن سەردەکەون. کوا یارمەتی یەکتر دەدەن؟

خۆی پێڕانەگیرا ویستی بڕشێتەوه.

– ئێوه دروشمی وەرزش دەزانن چییە؟

– سەیری ئەم کابرایه کەن باسی ساڵی کوللەکەم بۆ دەکات.

– یاری دەبێ دروشمی چیبێ.

– ده وس به مەگەر له مەکتەب نەمان خوێند.

– دروشمی وەرزش ئەوەیە: خۆشەویستی، یاسا، ڕەوشت.

– ده بهێڵن با چاومان لێی بێ.

یەکێکی که لەولاوه خۆی هەڵقورتاند.

ئەو وێنانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی چاخانەکه بەدی کردبوو.

(گێتییەکی گەوره لەناو گێتییەکی بچووکدا، ڕووبەرێکی گەوره لەناو ڕووبەرێکی تەسکدا. گێـتی گـەوره به چەند هێـڵـێکی ئەندازەیی کێـشـراوه. هێڵ لەناو هێـڵـدا، سنـوور لەناو

سنووردا. کێ دەتوانێ لەناو پێستێ خۆی بجووڵێتەوە.)

یاریکەران جارێک بەلای راستدا بە دوای تۆپەکەوە بوون جارێک بەلای چەپدا.

(ڕاست، چەپ. چەپ، ڕاست هەردووکیان تێهەڵکێشن بە ئارەزووی خۆتە. هەبوو چەپی بەردا چووە لای راست، هەش بوو ڕاستی بەردا چووە لای چەپ، هەشە تاکو ئێستا لەناو هیچ کامیاندا خۆی نەدۆزیوەتەوە.)

دانیشتوانی ناو تەلەفزیۆنەکە فیکەیان کێشا.

حەکەم ناچار بوو یاریەکە بووەستێنێ. دەستی پێ کردەوە. لە شاوور درا.

– خێر هەمیسان چی ڕوویدا؟

– لە فاوڵ زیاتر دەبێ چی بێ.

– پەنەرتییە، پەنەرتییە؟.

**(٥)**

یارییەکە کۆتایی نەهاتبوو، بەجێیان هێشت. کەوتنە پیاسە کردن.

– بەکام لادا برۆین؟

– نازانم.

– چی نازانی؟

– ئەی هەموویان تاقی نەکردەوە؟

– بەرەڵاییە.

– هەموو شتێ لەدەورو بەری خۆیدا دەخولێتەوە.

– یاسا نەبێ فاوڵ زۆر دەکرێ.

– ئەنجامی فاوڵکردن دۆڕاندنە.

– ژیانمان هەموو فاوڵە.

– ئەگەر بێت و – مەریخ –.

– دەبڵێ ئەستێرەی سیوەێل.

نەکەی پێ بڕی.

– ئەگەر بێت و ئەستێرەی سیوەیل لە جێگای خۆی بترازێ.

– واتە لە یاسای خۆی دەردەچێ.

– چی هەیە لەم گێتییەدا بێ یاسا بێ.

– مەگەر مرۆڤ و فاوڵکردن.
لەسەرخۆ هەنگاویان دەنا.
– تۆ نەخۆشیت.
– چیرۆکی – مرۆڤی قالۆچە – ت خوێندۆتەوە. هەست کردن زیاد لە ڕادەی خۆی نەخۆشییە.
– ئەی وانییە.
– بەچیدا زانیت؟
– کەی مرۆڤ سەرکەوتوو دەبێت؟
کاتێ خۆی بناسێتەوە.
– گوایە شتی واش هەیە؟
– ئەگەر کوێر نەبێ، کوێری دەروون.

**(٦)**

کوێرێک بەسەر شۆستەکەدا دەڕۆیشت. دار دەستەکەی ڕێ پیشاندەری بوو. هەرزکارو منداڵە وردەکان، فیکەیان بۆ دەکێشا.
پیاویش هەبوو توانجی تێدەگرت.
جار جاریش هانی منداڵەکانیان دەدا بەردی تێبگرن.
کوێرێکی لەسەرخۆ بوو. جوێنی بەکەس نەدەدا. ناچاریان کرد. داچەمێتەوە بۆ زەوی و بەردێکی بەرچنگ کەوێ. چونکە لە سنووری دار دەستەکەی بەدوور بوون. کاتێ ساتمەی کرد؛ پیاوێکی قۆشمە وتی:
– بەڕاستی دەڵێی کوێرە. بەر پێی خۆی نابینی.
یەکێک لەولاوە بەو قسەیە پێکەنی.
(پێکەنین باجی لەسەر نییە.)
کابرای کوێر لە تەنیشت دار تەلەکەوە ڕاوەستا. هەستی گرت. وتی:
– خۆزگە ئێوەش وەکو من کوێر بوونایە.
– کاکە تۆ کوێر نیت. ئەوان کوێرن.
– گوێ بگرن حکایەتێکتان بۆ بگێڕمەوە (دەورو بەریاندا) ڕۆژێکیان سەگێکی پیر لە قەراغ ئەو شەقامەدا کەوتبوو لێیان پرسی:
ڕۆژی چەند بەردت تێدەگرن. دەزان وەڵامی چیبوو؟

- وەڵامی چیبوو؟
هەموو بەیەک دەنگ ئەوەیان وت.
بەقەد ژمارەی زۆڵی ئەم سەردەمە.
کوێر کەوتەڕێ. تویکڵە شووتییان تێدەگرت. گوێی نەدایە.
ئەو شوێنەی بەجێهێشت. سەیرێکی هاورێکەی کرد و بزەی ڕق لەسەر لێوەی تۆمار کرا.
(هەموو شتێک کورت دینێ تەنها ڕەوەشت نەبێ.)
- لە کوێوە بڕۆین؟
- بۆ کام لا بڕۆین؟
- لێرەوە باش نییە.

**(٧)**

- بڕۆ بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ؟
- قریشکانی بەسەر مێردەکەیدا.
- کچێ ئابڕووت هەبێ بۆ کوێ بڕۆم؟
- ماڵ ماڵی خۆمە، بێوەژن کۆشی دەکەم. خۆم و منداڵەکان دەژێنم. خۆ خوا هەیە. من بەجێیان ناهێڵم. بڕۆ نابێ لەم ماڵە بمێنێتەوە.
- بشمری دەستت لێ هەڵناگرم.

بەرەو بەلووعەکە دەڕۆیشت. کۆمەڵێک کەلوپەل لە باوەشیدا بوو مێردەکەشی ناچار ملی خۆی کەچ کرد.

سەرکەوت بەژووری سەرەوەدا. لە دڵی خۆیدا چەندەین بڕیاری هەمە جۆری دەرکرد. لە بۆشاییەکدا دەخولایەوە.

(بێ ئیشی سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ.)

ویستی بنوێت، بەڵام نەنووست. هەستایە سەر پێ. لەو پەنجەرەیەی سەرەوە سەرنجێکی دەرەوەیدا ئارامی نەگرت. دانیشتەوە دەستی برد ڕادیۆکەی کردەوە:

- (ئافرەت هەوێنی ژیانە. ئافرەت نەبێ خێزان دروست نابێ. بەڵکو بەختەوەر نابێ. پێویستە لە هەموو کون و قوژبنێکدا. پەیکەری بۆ دروست بکرێ. لە پەرستگاکانی ژیاندا بپەرسترێ. دوا کەوتنی ئافرەت دواکەوتنی کۆمەڵە. دواکەوتنی کۆمەڵ، دواکەوتنی پێشکەوتنە.)

- (هەموومان وا دەڵێین. ئافرەت و ماف. ئافرەت و کۆمەڵ. ئافرەت و پێشکەوتن. کام

پێشکەوتنە. ئەی ئەو گورگانە کە بە دوای نێچیردا دەگەڕێن.) ئەم چەرخە بۆتە قاپێ توخم گەورە و بچووک مەلەی تێدا دەکات. ئەی ڕەوشت. ئەی نەریت، لە کوێ ما.

بۆڵە بۆڵی ئایشێی ژنی ئەو بیرکردنەوەی لێ پچڕاند.

ڕادیۆکەی داخستەوە.

– چیم لە ئافرەتەکانی تر کەمترە.. تەلاقمدە. دەستم لێهەڵبگرە.. نەبۆ ماڵ. نەبۆ منداڵ. نەبۆ من نیت هەرخۆتت خۆش دەوێ.. بۆ هیچ شتێ ناشێیت.

– کچێ لەسەرخۆ ئابڕوومان چوو؟

(لە چەقی کۆڵانەکەدا ڕاوەستا بوو. وەرەقەی تەبلیغی بەدەستەوە بوو.)

جگەرەیەکی داگیرساند و گەڕایەوە، لەسەر نوێنەکەی، ڕاکشا گوێی بۆ ڕادیۆکە شل کرد.

(بەڵام کێ بێ ئەو سنوورە بشکێنێ. من.. تۆ.. کچی من.. کچی تۆ.. خوشکی من.. خوشکی تۆ.. چ سنوورێک. بەڕەڵایی.

نەخێر. ئەی کێ بێ لەم کۆمەڵە دواکەوتووە. بتوانێ خۆی بکات بە قۆچی قوربانی.)

لێی ورد بووەوە گوێی گرت.

(کێ بێ ئەو سنوورە بشکێنێ؟ با لە خۆمانەوە دەست پێبکەین.)

– هەموو درۆ دەکەین.

هەراجکردن و هایکردن و چەپڵە لێدانی دانیشتوانی چاخانەکەو وتووێژی بێ سوودیان و تاوڵە و دۆمینەکردنی لاوەکان گەشتێکی ناسازی بۆ خولّقاندبوو. ویستی بگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە بەجێی هێشت بوو.

– (هەموو شتێک لە بازنەی خۆیدا دەخولێتەوە. تەنانەت دەست بەتاڵیش.)

ئەمەی وت ڕاچەنی.

– وەڕس بووی؟

هاوڕێکەی پێی وت.

– بابڕۆین.

– بۆ کام لا؟

وەرچەرخان. خۆیان لەناو زەخمی هەراجخانەکە گرتەوە. (کابرای دەست بە ئەژنۆ)و هەزارەهای وەکو ئەو چاو و نەفسییان لەو مزرەمەنیانەبوو.

کابرای داماو بەسەرە لەرزێ، هەستایە سەرپێ. توانی ئەویش وەکو ئەمان جێگای خۆی

لەو قـەڵەبـاڵغـەدا بکاتەوە. هـەمـوو بە زمـانی پان و درێژ خـۆیان  شـەتـەک دابوو، لەغـاوەی دەمـیـان لیکی پێدادەهاتە خـوارەوە، بەو نیـازە هـاتبـوون هـەراجـخـانەکـە بەدار و بەردییـەوە بگوێزنەوە بۆ خۆیان.

کابرای دەست بە ئەژنۆ، لێوی خۆی گەست. لە پاشان قیژاندی بە سەریاندا.

– دڕدەن. هەرچی خاسە بۆ مام هەیاسە.

کـەس نەبوو گـوێ بۆ قـسـەکـانی بگرێت. بە هەراج و هـایکردن مـێـشکی شـڵـە قـاویان تەریبدا.

– هـەراج.. هـەراج.. هـەرزان و تـاڵان.. بە ئێـوەوە هـەراج خـانـەکـەمـان گـەرم  دەبێ.. هـەر ڕاج.

چووە پێشەوە. دەستی خستە سەرشانی ئەو بە دڵی وریاو سەرکزە وتی:

– ڕاستە. ئەمەیان ڕاستە.

– چی ڕاستە؟

هاوڕێکەی لێی پرسییەوە.

– ژیان خۆی هەراجخانەیە.

کابرای مەست وەڵامیدایەوە.

– هـەراج. هـەراج.. سـەیرکـەن.. وەرن.. تەمـاشـاکـەن ئـەو بووکـەشـووشـەیە.. ئەو سـەعـاتە گـەورەیە.. ئەو قـەرەوێڵـەیە.. ئەو ژووری نووسـتنە.. ئەو باڕۆکـەیە.. ئەو  سـوراو و سـپـیـاوە.. ئەو قەوانانە.. ئەو داو دەرمانە.. ئەو..

دەست نیشـانی هـەموو پێویسـتییەکانی ژیانی کرد. ئەو خەڵکە بێدەنگ سـەیری یەکتریان کـردووە لچیـان لێ هەڵقورتاند بازاڕیان چۆڵ کرد. هـەر یەکە بەپێـی بۆ چوونی خۆی، بیـری دەکردەوە.

– بۆیان بکرێ مرۆڤیش هەراج دەکەن.

(کابرای دەست بە ئەژنۆ ئەوەی وت)

– نەخێر ئافرەت، چۆن تەڵاقت دەدەم. نەوەک تۆش هەراج بکێیت.

(لایەنگیری مافی ئافرەتەکە ئەوەی وت)

– بە دەسـتی مـن بێ هـەمـوو سنوورەکـان تێکدەشکێنم، بەری خـواردن و خـواردنەوەو سێکس بەرەڵا دەکەم.

(کابرای مەست ئەوەی وت.)

– یاخی بوون لە هەموو کۆتێک دروست کردنی بەرەڵاییە. ڕووخاندنی کۆمەڵە.

(ئەوەی کەیان ئەوەی وت)

– ژیان، بەبێ یاسا واتە مردنە. چاوخێلێ لە شاری کوێراندا پاشایە.

– وەرزش بەبێ دروشم دۆڕاندنە. دانیشتوان هەموو چەپڵە لێ دەدەن.

– بەر بەرەڵڵا کردنی ئافرەت نەهێشتنی توخمی ئینسانە. ژنەی بۆڵە بۆڵ کەرە، ئەوەی وت.

– نەبوونی حەکەمی بێلایەن، نەدۆزینەوەی ڕێگای ڕاستە. بایەخنەدان بە هۆش و بیر سەرگەردانی دەخوڵقێنێ.

کابرای ڕۆشنبیر ئەوەی وت.

– زۆر جوان هەیە مێش و مشکی کۆلانان بۆنی پێوە دەکات.

ئەو ئافرەتە مەزەدارە ئەوەی وت.

– ژیان وەکو ئەم ئۆتۆمۆبێلە وایە ئەگەر سەرنەکەوی و جێی پێی خۆتی تێدا نەکەیتەوە بەجێت دەهێڵێ و دوا دەکەوی.

کاکەی شووفێر ئەوەی وت.

– بەهەر لایەکدا دەڕۆن و دەڕوانن ئاگاتان لە تیشکی خۆربێت.

با ڕۆژ ببیتە پەرستگاتان.

کاکەی کرێکار ئەوەی وت.

– تف و لەعنەت لە هەراج و هەراجخانە بێت، تف و لەعنەتی ئۆدیبم بەرکەوێ کە جارێکی کە، بە دڵسۆزانە هەراج و مەزاد بکەم چیم دەست کەوت.

شاگردی هەراجخانەکە ئەوەی وت.

کاتێ ئاوڕیان دایەوە. هەراجخانە چۆڵ ببوو، کەسیان لە دەورو پشت نەمابووەوە. لەڕۆشنبیرەکە و کرێکار و دەست بە ئەژنۆ و کاکەی شووفێر و کوێرەکە زیاتر.

**سەرچاوە: محەمەد ئەمین ئەحمەد، ئەبێ و نابێ ڕایەکی زمانەوانییە. کۆمەڵە چیرۆک، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٧٧.**

**١– تەقینەوەی گۆیکەکان و ئاوسبوونی خۆر، ل: ٧٠ تا ٧٧.**

**٢– هەراجخانە و فاوڵکردن، ل: ٧٨ تا ٩٥.**